کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 0:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئێوارەیەک بەر لە هاتنی مەرگ ... کەژاڵ ئیسماعیل**



ئێوارەیەک ئەبم بە هۆرەیەکی حەزین و
ئینجانەیەک خاڵی لەگوڵ،
ئەبمە کانییەکی خەواڵوو
ئەو ئێوارەیە
ترسی هاتنی مەرگ ئەنێتە ڕۆحی بێسرەوتم
وەک پیرەدار (با) بە تەوسەوە
گاڵتە بە ڕووت بوونەوەم ئەکات
لە بەردەم پاییزدا
ئەو ئێوارەیە گوڵە هەنارلە سەر لێوەکانم
کۆچ ئەکات و
ئەبمە قەڵەمێکی یاخی،
وشە هەنگوینییەکان لە ژێر دەستم ئەتارێن
ئەو ئێوارەیە
باوەشێکم پڕ لە هەناسەساردی و
وەرزێک لە هەڵاتن
فریای کۆکردنەوەی بوخچەکەم ناکەوم و
گەڵاکان، دوور دوور
بۆ ژێر پێی بەفر جێدەهێڵم...
زۆر دەمێکە
بەهار پێم ئەڵێت:
ئەی ژن بۆت نییە
سەیران لە لێڕەوارێکم سازبکەیت و
بۆنی عەتری تەڕەدارییەکم بە دیاری بنێریت
بۆ (ئەو) !
بۆت نییە
لە ژێر بارانێکمدا سەما بکەیت
تۆ کە لەجەنگێکی دوای تەتەر جێماویت و
دەماودەم
لەگەڵ خەراباتی ئەم ڕۆژهەڵاتەدا
گەورەبوویت
چیدی بە ڕەنگی من خۆت ئارایشت نەکەیت
لەکانی من تینوێتی بیابانی دڵت نەشکێنیت!
ئاخر، من نەمئەزانی
کچی گوناهم و
باوکم پشتاوپشت ئەچێتەوە سەر تاوان
دایکیشم لەمێژە (ئەمیرەکان)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پرچیان بڕیوەو بۆ سەمەری شەو
کردوویانە بەڕەشماڵ،
ئیدی لەوکاتەوە من ژنێکم
غەرقی قەهرو گەمەی دەم وەرزەکان
من لە دڵڕەقی خاک ئەزانم و
لە بێڕەحمی ئاسمان گەیشتووم!
زەوی گەر دڵڕەقی گرتی
ڕێگە بە دڵۆپێک ئاو نادات
بستێ بیابان ماچ بکات و
ئاسمان
گەر تووڕە بوو
هەربە ئاو بەیداخی جەنگ لەگەڵ حیشمەتدا هەڵدەکات
ئاخر دارستان
هەمیشە گاڵتە بە درەختی زڕ ئەکات
داریش بە خەوی بن سێبەر پێئەکەنێت
ئەوانیش لە سولالەی تەبیعەتن و
هەمیشە ئەمبوغزێنن!
ئەی خودایە
لە ئەفسوونی ئەم گەردوونەی
غەرقی کردووین بە نهێنی و
لە بێمرووەتی ئەم قەدەرەی
بۆتە مەنفای بەدبەختەکان
ئاخر خودایە
من چۆن بتوانم ماڵێکی ئارام
لە نێو زەردەخەنەیەکدا بدۆزمەوە و
لەگەڵ چیمەنا
کەی باوەش بەئاودا بکەم!؟
من بەهار ترساندوومی
پاییز جێی هێشتووم و
بەفر پێم ئەڵێت چاوەڕێ بە،
چاوەڕێ بە وا ئەبارێم
ئینجانەکانت کۆبکەرەوە،
نەمامەکانت بپێچەوە و
بە لاولاوی قەد پەنجەرەکەت بڵێ
شایەتمان بهێنێت
بەفر ئەڵێت
وا ئەبارێم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە کوکوختییەکان بڵێ
چێتر سەربەیەکدا نەکەن و
ئەو شانۆی پەپوولانەش بڕوخێنە
ئیدی بەسە
چاوەڕێ بە...
من چاوەڕێم و ئەو نابارێت
ئای لەبەفر، فێری چاوەڕوانی کردم
کەچی هەرنەباری!

ئاخر خودایە
حیکمەتی قلێش بوونی لێوی هەڵوژە و
سرکەسرکی هەنگەکان و
هەڵوەرینی (توو) لەچیدایە
کە من لێیان نەگەم؟
من ژنی زەمەنێکم
دەردی قەیرە کچەکانی شار و
چاوی پڕ لە ڕقی پیاوێک و
کۆچی باڵندە حەزینەکان ئەمگرێنن
بەدەستی خۆم ئاگر لە جەستەی شیعرێکم بەرئەدەم
جوانی خۆم ئەسپێرم بە ترپەی چرایەک
ئەشقیشم ئەبەخشم بە مردن
ئاخر من زۆر لەمردن ئەترسم و
نامەوێت ئەو دیمەنە ببینم
نامەویت حەسرەتەکانم وەک گوڵە ئەرخەوان هەڵوەرێن و
خۆزگەکانم وەک سووتووی نامەیەک
بەمە دەم (با ) !
ئاخر خودایە
ماچەکانی بەهار کەی گوڵ بگرن،
کراسەکەی پاییز کەی لای خەیات بێنمەوەو
شاتووەکانی (ئەو) بە دیاری بۆی ناردووم
بیانکەمە خۆشاو
ئیتر مردنی چی؟
خۆ هێشتا هاوین نەهاتووە
هێشوە ترێیەکم
ـ لە جوانی خۆی ـ
کوڵمەکانی سوورهەڵگەڕێن و
هەرمێیەکم لە تاو بێبارانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاوس ببێت بە شیرینی؟
لە یادمە ڕۆژێک
لە مشتێ بەلاَلووک،
چەپکێ گوڵە بەیبوون،
ڕستێ مێخەک و
قەسیدەیەکی «نالی»
ماڵێکم دروست کرد بۆ ژوان
کەچی (ئەو) نەهات
منیش بەدەم گریانەوە
سپاردم بە چەمێکی شێت
لەو ڕۆژەوە
چاوەڕوانی هەڵکردنی (با) یەکم
فرفرۆکەکەی مناڵیم بخولێنێتەوە و
بمکاتە هاورێی تەنهایی!
من ژنێکم قەهر پری کردووم لە سەرشێتی
کردوومی بەکۆلارەیەکی کاغەز
هەرکە ئاسمان ڕقی هەستا
بە دەم زریانەوە ون ئەبم
کردوومی بە جۆگەلەیەک
پڕ پڕ لە گەلاَ و
دارستانێک
دوور دوور لە ئاو
خۆ هێشتا لە باخچەیەکدا نەڕواوم و
هێشتا پڕ نەبووم لە بۆنی موحیبەت
ئیدی مردنی چی؟!
ئای لە ئەندێشە
نایەڵێت سەر بنێم بە سەری قومریەکەوەو
لەگەڵ شەوێکا هێشوویەک ترێی شەرابی بەش بکەین
تێکەڵ بەئازاری کردووم
یەک تابلۆین
بێڕەنگ و بێدەنگ
نایەڵێت تامی ماچ برژێتە نێو پەرداخێکمەوە و
لەبەر سووتانی مۆمێکا
قەسیدەیەک بۆ سێبەری ئەشق بنووسمەوە و
لەگەڵ کەناریەکا پیاسەیێ بۆ کەنار دەریا بکەین
ئاخر کەی
نووشتەیەکی چاوەزار هەڵواسم بە دەرگاکەما و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاَودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 0:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئینجانەیەک پڕ لە ڕەیحانە لەبەردەم دەرکەوتنتا دابنێم؟
من لە شارێکم
بۆنی مەنفا لە کۆڵان و شەقامەکانی هەڵئەسێت و
دەمامکی شەرم ئەدا لە ڕووخساری گوڵاڵە سوورە
زەمەنێکە بەدوای دۆزینەوەی
حەقیقەتی خۆم و هاوڕێیەتی ئازارا
چاوەکان چێ ئەکەم
هەرکە بێزار بووم
سەردانێکی دەریا دەکەم و چیرۆکی خۆم
ئەدەمە دەم شەپۆلەکان
منی تەنیا، لە دەریا تەنیاتر و
منی پڕ لە ئازار، لەخۆم پڕ ئازارتر
لە سەر زەویم ئاگر شین ئەبێت و
کاروانی گەڕانەوە بۆ ژیان بێرەدا گوزەرناکات
منی پڕ لە بۆنی مەرگ
هەرکە پۆرترێتی دیوی ناوەوەی ڕۆحم ئەبینم
ئەو گۆرانییەم گوێ لێدەبێت
کە لە مەرگستان میلۆدیایان بۆ داناوە و
چیرۆکی سەربڕینی ئەو ڕۆژەم دێنێتەوە یاد
کە گوڵە بەیبوونی سەر یەخەمیان لەخاچ دا و
نەیانهێشت پڕ بم لەتامی چرپەکانی...
من،
کە لە ئازار جودا نەکرێمەوە و
حەقیقەتی مردنم نە دۆزیبێتەوە
ئیدی مردنی چی خودایە؟

هۆڵەندا، 29-30-31|1|2007

تێبینی: ئەم پارچەهۆنراوەیە کە لە کتێبە تازە چاپکراوەکەمدا هەر بەم ناوونیشانە هاتووە، بۆ یەکەمجار لێرەدا و لە ماڵپەڕەکاندا بڵاودەکرێتەوە. کەژاڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.